# زانایانی ئاینی
# ڕۆڵی گرنگیان لەکوردستاندا

**نووسینی: مەلا مەزلوم**

بۆ ئەوەی باشترو چاکتر ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زانایانی ئاینیو گەلی کوردەوە هەیە، ڕوون بکەینەوەو بچینە ناخی دەروونی مەسەلەکەوە پێویستە چەند هەنگاوێك بەرەو دواوە بگەڕێینەوە، هەربۆ ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانانی زانایانی ئاینی لەهەرێمی کوردستان بەدەر بکەوێت.

بێگومان بەر لەهاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە زۆربەی میللەتەکانی ژێر دەستو کۆیلەی ئیمبراتۆریەتەکانی جیهانی بوون، ئیدی یەکێك لەوانیش گەلی کورد بووە. بەلاّم بەهاتنی ئیسلام بزوتنەوەیێکی گۆڕانکاری سەرتاسەری لەناوچەکەدا ڕوویدا، بووە بەهۆی ڕزگاری زۆربەی میللەتەکان لەژێر دەستیو کۆیلەییدا، بێگومان یەکێك لەوان گەلی کورد بوو، ئیدی دەرفەتی ئەوەمان نییە کە لەم وتارە بچووکەدا گشت کاتو ساتو سەردەمی شتە مێژووییەکان بە تیرو تەسەلی دەست نیشان بکەینو ئاماژە بەڕووداوەکان بکرێت، ئیدی بەهۆی سەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆربەی کوردەکان باوەشیان بۆی گرتەوەو چوونە نێو ڕیزی موسڵمانانەوە. ئیتر لەڕێگەی ئاموشۆی بازرگانیو یارو یاوەرانی پێغەمبەرەوە(ﷺ)و قورئانی پیرۆزو وتە جوانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لەڕێگای ئیرشادەوە بەکوردستاندا بلاّو بویەوە، جاکاتێ برەو مزگەوت دروستکردن درا کە شوێنی تایبەتی خودا پەرستیەوەو بەماڵی خوا ناوی براوە، وەلەپاڵ ئەمانەوە حوجرە فەقێ بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆزو وتە بە نرخەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کەوتە بواری بونیاتنانەوە.

ئیدی بەشێوەیێکی وەها حوجرە پەرەی ساند، کە کەم ئاوایی هەبوو لەلادێو شارەکان، قوتابخانەی زانستو زانیاری وەکو حوجرەی تێدابێت.

جا لەبەر ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئاینی لێبووردەیی و سۆزو بە زەییو زانستو مەعریفەتو مرۆڤ ڕاهێنەرە لەسەر چاکەو چاکخوازییەکان، شوێنی خۆی لەنێو دڵو دەروونی خەڵکی کورد کردبووە، بۆیە پەیتا پەیتا منداڵەکانی خۆیانیان دەنارده بەرخوێندنی حوجرەوە، بۆ ئەوەی لەخزمەتی مامۆستایانی زاناو دانا فێری زانستو زانیارییەکانی ئیسلامی بن. بەڵێ وانەبێ زانایانی ئاینی تەنیا هەر لەبواری زانستە ئاینیو سۆفیگەریەتی خزمەتگوزاریان لەم ڕوانگەوە بەمیللەت گەیاندبێ، هەرگیز بەڵکو ڕۆڵی گرنگیان دیوە لەبەشە زانیارییەکانی تریشدا وەکو: زانستی فەلەکناسیو، فەرهەنگی مێژوویی‌و، فەلسەفەی ئیداریو، پزیشكو... هتد بینیووە. هەروەها ڕۆلی گرنگیان بینیووە لەچارەسەرکردنی گیروگرفتو کێشە کۆمەڵایەتییەکانو ئاشتیخوازی نێوان هۆزەکان، ئیدی لەسایەی ئەم خەسڵەتانەوە زانایانی ئاینی بوونەتە جێگای متمانەو خۆشەویستی خەڵك. وە یەکێك لەڕۆڵو خەسڵەتە بەرچاوەکانی زانایانی ئاینی، بنبڕکردنی سیفاتی قێزەوەنو کاری پۆخلاّتو نەهێشتنی سیفاتی ناپەسەندو ناشرین، لەنێو چینو توێژەکانی کۆمەڵگادا، بەتایبەتی لەڕێگای وتارەکانی هەینیاندا.

ئیدی لەم ڕوانگەیەوە حەشامەتێکی زۆری خەڵك، وەبەتایبەتی گەنجەکان، گۆڕانکاریان بەسەر بیروڕاو هەڵسوکەوتەوە ڕوویدا، بوونە چینێکی ڕاهێنەر لەسەر پەیڕەو کردنی باری ئاینیو کۆمەلاّیەتیو ڕەوشتی بەرزو، خۆشەویستی لەنێوانی خۆیانو کۆمەڵگاوە. هەروەها مامۆستایانی هەروەکو وتمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سەرقافلەی خەڵك بوونە، لەکاری چاكو چاکخوازیو، دریغیان نەکردووە، بۆیە لەخۆشیو ناخۆشییەکانی میللەتەکەیان بەشداریان کردووە، بۆیە ئەگەر بەوێژدانەوە سەیری گوفتارو ڕەفتارەکانیان بکەین دەبینین لە هەموو بوارێکەوە خۆمان بەقەرزداری مامۆستایانی ئاینی دەبینین، بگرە مینبەرەکانیان شوێنی شۆڕش بەرپاکردن بووە، لە دژی زوڵمو ستەمکارانو، داکۆکی کردن لەمافی ستەملێکراوانو ماف خۆران. بۆیە بێگومان هەموو مرۆڤێکی کوردی بەویژدان دان بەم ڕاستییە دادەنێت، کەوا لەبنەڕەتدا بزوتنەوەی کورد لەبواری خەباتو تێکۆشەریو بەرپابووندا، هەڵقولاوی حوجرەو، پیاوانی حوجرە سەرکردایەتیو، ڕابەرایەتیان کردووە وەکو: پێشەوا قازی موحەممەدو، شێخ سەعیدی پیرانو، شێخ محمودی حەفیدو، شێخ عبیداللەی نەهریو، مەلا مستەفای بارزانو... هتد.

بەڵێ ئەوانەن دەرچووانی کۆلیجی حوجرە، بۆیە بەڵێ لەشوێنی خۆیایەتی کە پەروەردگار بەرامبەر زانایانی ئاینی بفەرموویێت (قل هل یستوی الدین یعلمون والڈین لایعلمون) الزمر:٩.

ئەم مەدحو سەنایە وەکو مەدالیادی زێرینە بۆ مامۆستایانی ئاینی لەلایەن پەروەردگارەوە، هەربۆیە حەزرەتی محمد(ﷺ) دەرحەقیان فەرموویەتی (زانایان میراتگری پێغەمبەرانن) کە ئەم مەقامە هیچ حەسەبو نەسەبێك نایگاتێ، وەبەهێچ سەروەتو سامانی دونیاش ناکردرێت، بەڵکو ئەمە شەرەفی زانستو زانیاریە.

بێگومان مەلاکانیش لەم بازنەو مەدالیا زێڕینەن، کە بەئەمانەتەوە ئەم دینەیان بەخەڵك ڕاگەیاندووەو بلاّویان کردۆتەوەو، خەڵکیان فێری خۆشەویستیو تەباییو برایەتی کردووەو، بەیەکسانی سەیری خەڵکیان کردووەو، بەردەوام لەگەڵ بانگخوازو سەرقافلەی چاکسازان بوونەو، وەهیچ کاتێك ڕۆژێك لەڕۆژان لەڕێگای مەبلەغی دینارو دیرهەمەوە فریویان نەخواردووەو، لەگشت کێشە ڕەواکانی میللەتەکەیان پاشگەز نەبوونەتەوەو، چووبنە ڕیزی خیانەتکارانو، ملیان بۆ هیچ دەسەلاّتدارێکی ستەمکار شۆر نەکردووەو، ملکەچی نەبوونە، بەڵکو هەموو کاتێك خاوەن مەوقیف بوونە.

# مەلا لەگەڵ کێدا بێت؟!

**نووسینی: شێخ ئاواتی نەقشبەندی***

زاناو مەلاو سەیدای کوردەواری بێ گومانین هەورازو نشێویان زۆر دیوە، نارەحەتیو ناهەمواریو بێ دەرەتانیان زۆر چەشتووە، وە هیچ کات لەخەباتو تێکۆشانو شۆڕشەکانی کورد لەمیللەتەکەیان جیا نەبوونو جیانابن. بۆیە هەمیشە خەمخۆرو دڵسۆزو بەتەنگەوەچووی نشتمانو ولاّتەکەیانن، ئیتر هەر چۆن بۆیان گونجاوبێت هەولّی خۆیان بەخەرجداوە، هیچ کات دوودڵ نەبوون لە قوربانیو سەنگەرگرتن لە دوژمن، بۆ پارێزگاری لە ئەزمونو نیشتمانپارێزیو هێنانەکایەی بەهاجوانو ئەخلاقیو ئاینییەکان.

خۆ نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە مەلاش مرۆڤەو هیچ کات ناتوانین بلّێین ئێمەی مەلا بەفری بێ هەڵەو پەڵەین، سۆزو ڕقمان هەیەو بەشە زاڵ بویەکمان تێدایە، ئەگەر ڕاست بوین ئەوە لەخواوەیە وە ئەگەرنا ئەوە مرۆڤین قابیلی هەڵەین دەرگای تەوبەو پەشیمان بوونەوە دانەخراوە، بەلاّم بەگشتی مامۆستاو مەلای کورد ئەوە بوو کە لێرەداو لەشوێنانی تری هاوشێوەی ئێرە باسی لێوەکراوە.

ئەمڕۆ هەموو گروپو تاقمێك ئەگەڕێن بزانن کێ خاوەنی کاریگەریو ئەزمونە هەوڵ ئەدەن بیکەنە داردەستو پیاوی خۆیان کە بەڕاستی بەکارهێنانی خەڵك بۆ بەرژەوەندی خود کارێکی ئێجگار گرانو خراپە وەسەری لە دیکتاتۆریو بەدڕەوشتی سیاسیو ئەخلاقییەوە دەرئەچێت.

مامۆستایانی ئاینی ئیسلامی نابێت هیچ کات لەژێر سایەو سێبەری هیچ کەسو گروپو تاقمێکدابن، یان خوانەخواستە ببنە داردەستو پیاوی هیچ کەس کە ئەمە زۆر دوورە لە مەلاو زانایانی کورد.

خۆ مەلای ئێمە وانییە بەلاّم خەڵکانێكو گروپ گەلێکی زۆر هەوڵ ئەدەن مەلابەلای خۆیاندا ڕابکێشن وەسۆزو عاتیفەیان بجۆشێنن هەتا هەندو پەند لەپێگە ئاینیو کۆمەلاّیەتیو زانستییەکەیان وەربگرن. وە بەهۆکاری زانایان پشتیوانی بۆ خۆیان لەنێو کۆمەڵگەدا زیاد بکەن کە ئەمە لەئەخلاقی سیاسییەوە زۆر دوورە هیچ گروپێك جیاکاری نەداوە بە مەلا بەڵکو ئەوە مەلایە بۆتە جیاکارێکی هەرە گەورە بۆ ئەو گروپەی کە بۆ خۆیی دەستەبەرکردوە. وە بۆتە هۆکاری پێشڤەچونی ئەو تاقمو گروپە.

بۆیە لەمڕۆی گۆڕانکاریو بارگرژیو ناعەدالەتیو هەر ناوێکی تر کە هەیە لە کوردستان، زۆر زەرورو پێویستە هیچ مەلاو زاناو سەیدایەك نەبێت بە بەشێك لەسیاسەتی هیچ حزبو گروپو تاقمێك ئیتر عەلمانی یان ئیسلامی چونکە هەموویان خاوەنی سیاسەتو ئالیەتی ئیشکردنی خۆیانن وە ماشەلاّ کادری زۆرو زەبەندەیان هەیە. ئیتر چ پێویست دەکات کە ئەو سیاسەتە بگوازنەوە بۆ سەر مینبەرەکانو لە میحرابی پاکی پێغەمبەرەوە ببێتە وتارو خەڵکی پێ تەوعیە بکرێت بۆیە مامۆستا هەرچی هەبێت هەر ئەوەیە لەکەس سلّناکات، بەلاّم با ئەو بونە نەبێتە هەموو ژیانیو لەوتاری ڕۆژانی هەینی یان هەر باسو خواسێکی تری ڕەنگبداتەوە، چونکە ئەوکات ئەگەر وتارەکانی وەهابوون وە لەسەر سیاسەتی حزبەکەی کاری کرد ئەوە دەبێت تەنها خەڵکانی حزبەکەی خۆی لەوتارەکانی دابنیشن کە ئەمەش لەگەورەیی مزگەوتو وتاری مینبەر کەم ئەکاتەوە، وە ئەگەر مامۆستا حزبەکەی گۆڕی ئەدی چ دەکات لە وتارەکانی پێشوی خۆی دەیان سوتێنێت! ئەی ئەو خەڵکە گۆشکراوە بە وتارەکانی، کەواتە با لەگەڵ هیچ کەس نەبن جگە لەخوا.

* وتارخوێنی مزگەوتی حاجی عبداللە نۆغەرانی

sirajzade@ymail.com

**مامۆستا مەحمودی ئازادی:**

# یەکێتی زانایان چەترێکە بۆ هەموو زانایانو پێویستە هەموانیش بچنە ژێر سێبەری ئەو یەکێتیەوە




وەك هەست کردن بە بەرپرسیارێتیو ئەرکی هەمیشەیی خۆی، یەکێتی زانایان بێ جیاوازی ئینتیمای سیاسی، پشتگیری لەسەرجەم ئەو مامۆستا ئایینیانە کردووە، کە لەو بارودۆخە تووشی هەڕەشەو گرتنو قسە پێگۆتن هاتوونەتەوە.

لەو بارەوە زانایان ئەو هەڵوێستەی یەکێتی زانایان بەرز دەنرخێننو پێیان وایە یەکێتی زانایان توانیویەتی ئەرکی خۆی لەو نێوەدا ئەدا بکات.

لە لێدوانێکی بۆ سایتی (زانایان) مامۆستا مەلا مەحمودی ئازادی پێش نوێژی مزگەوتی حاجی ئەحمەدی بۆسکانی لەسلێمانیو بەرپرسی مەکتەبی زانایانی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی: سەبارەت بەو وەزعەی رووبەڕوی مامۆستایانی ئایینی بوویەوە، بەلای ئێمەوە شتێکی خۆش نەبوو، بەلاّم خۆشبەختانە یەکێتی زانایان هەر لە ئەوەڵەوە تائێستا ڕۆڵێکی دیارو کارای بینی لەداکۆکی کردن لەمامۆستایانی ئایینیو ڕێگرتن لەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی دەرهەق زانایانی ئایینی دەکرێت، من لە هەندێ کارا لەگەڵیان بووم بەڕاستی هەنگاوی ئیجابی زۆریان نا، بەتایبەتی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلاّی سۆران ماندووبونێکی زۆری کێشا، لەپەیوەندی کردن بەلایەنی پەیوەندارو ئازادکردنی ئەو مامۆستایانەی گیرا بوون.

مامۆستا لەدرێژەی قسەکانی گوتیشی: ئێمە لەگەڵ برادەرانیش ئەو مەوقیفەی یەکێتی زانایانمان باس کردووە، بەتایبەت لەوەوە کە یەکێتی زانایان بێ ڕەچاوکردنی ئینتیماو لایەنی سیاسی هەر مامۆستایەك بێ جیاوازی هەڵوێستی خۆی نواندووە، من بە زانایانیشم ڕاگەیاندووە، کە یەکێتی زانایان چەترێکە بۆ هەموو زانایانو پێویستە هەموانیش بچنە ژێر سێبەری ئەو یەکێتیەوە.

هەروەها ناوبراو گوتیشی: ئەو وەزعە وا دەخوازێ زانایان یەك هەڵوێست بنو لەژێر سێبەری یەکێتی زانایانیش کۆببنەوە، داواش دەکەم یەکێتی زانایان هەولّی حەسانەی مامۆستایانی ئایینی بداتو نەهێڵێ کەس لەخۆیەوە یاری بەمامۆستایانی ئایینی بکات، یان سوکایەتیان لەبەرامبەر ئەنجام بدات، داواش لە هەموو زانایانی ئایینی دەکەم هەر یەکێك ڕووبەڕوی هەر شتێك هاتەوە با پرس بە یەکێتی زانایان بکات مەسەلەکە حەواڵەی ئەوان بدات، بۆ ئەوەی ئەوان وەك نوێنەری زانایانو وەکو ڕێکخراو بەدواداچوونی بۆ بکەنو هەڵوێست وەربگرن.

**(مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا**

٧

# مەلایەتیو فەلسەفە



**هێمن عومەر خۆشناو- شەقلاّوە**

ڕەنگە ئەم ناونیشانەی سەرەوە بۆ هەندێك کەس جێگای سەرسورمان بێت بەوەی کە ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتر هەڵناکەن. لێ ئەگەر بەمێژووی زانستو مێژووی فەلسەفەدا بگەڕێینەوە ئەوا لەو کاروانەدا پەیوەندی ئەو دوو چەمکە بەتایبەتی یەکەمییان لەچوارچێوەی زانستدا مەداری لەگەڵ زۆر لە چەمکەکانی تر کردووە بەمەرجێك چۆنیەتی مەدارکردنەکە حوکمێکی ئیجابیانە بۆ بیرکردنەوەو پەرەدان بەهزر بێنێتە گۆڕێ.

ئەگەر بەڵگەی عەقلیو بەڵگەی نەقلی لەمێژووی مەعریفەدا پێگەیەکی گرنگیان هەبووبێت، ئەوا لەنێو بەڵگە عەقلییەکاندا فەلسەفەو دایەلۆگی نێوان عەقلی مرۆڤەکان بەئاراستەی سیستەمی بەڕێوەبردنو دەستووری بیرکردنەوەی دروست، بەکۆڵەگەیەکی گرنگ دادەنرێت. بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار بەرێژایی مێژووی مەعریفی ئیسلامیدا بەگوێرەی تێڕوانینی زاناکان فەلسەفە هەڵسەنگێندراوەو جاروبار دژایەتی کراوەو جاروباریش پەسن کراوە. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە چۆنییەتی ڕەفتاری زانایان (مەلای کورد)ە لەگەڵ چەنکە فەلسەفییەکان، چونکە چەمکە فەلسەفییەکان وەك هەر چەمکێکی تری نێو کایەکانی ژیان دەبێ لەو ڕوانگەوە سەیر بکرێ کە پەرە بەهزرو بیری مەعریفی مرۆڤەکان دەدات لەڕوانگەی خۆیەوە، بۆیە دژایەتی سەت لە سەتی بە هیچ شێوەیەك زانستی نییە، لەسۆنگەی ئەوەی، ناکۆك نەبوون لە هەر شوێنیك لەگەڵ ئاینو بناغەکانی ئاینی، ئەوا جێگای قبولەو ئەوەیشی ناکۆکە کاری پێ ناکرێ، بەلاّم خەتی ڕاستو چەپ بەسەرداهێنان بەسەر هەمووی لەبەر چەند ناکۆکییەك، یان لەبەر خراپ حاڵی نەبوونو تێنەگەیشتن، ئەوا نیشانەی پرسیارمان دەخاتە سەرو ناسنامەی دەروێشی زانست لەهەموومان دەستێنێتەوە.

پاوانکردنی فەلسەفە لەچوارچێوەیەکی داخراوداو بانگەشەی ئەوە لەلایەن شارەزایانی بواری فەلسەفە، کە فەلسەفە ناکرێ حەوجێ بەئاین بێتو، یان فەلسەفەو ئاین پێکەوە هەڵناکەن، ئەوا تووشی هەڵەی کوشندە بوونە، بێ ئاگا لەوەی، عەقڵ هاوبەشی نێوان پیادەکردنی ئاینو پەیڕەوکردنی فەلسەفەیە، بەپێچەوانەوەش بانگەشەکەرانی ئاینیش بەحەرامکردنی تخوون کەوتنی فەلسەفە، ئەمەش بچووکردنەوەی ئاینە بەمانا گشتگیرو فراوانەکەی خۆیەوە.

بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەم مەلای کورد جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، بریتییە لەچۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم چەمکانە، سەرترۆپکی ئەم هەنگاوەش بەخوێندنەوەی ئەو چەمکانە دەبێت بەشێوەی زانستی، نەترس لەدەردی (عوزری لەقەباحەتی خراپترە) چونکە کەسانی شارەزاو زانای ڕاستەقینە بەزاناییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ چەمکەکان دەکەن، وەك بابایەکی نەشارەزا نین کە لەسەری قەرزار ببنەوە.

نەنگییە ئەمڕۆ مەلای کورد لەچوارچێوەیەکی داخراودا بێتو مەیدانی فەلسەفەو شارەزابوون لەکایەکانی تر بۆ کەسانی تر جێبهێڵێو ئەوانیش بەرژەوەندییانە فەلسەفە لەسەر خۆیان تاپۆ بکەنو خوێنەرانی پێ چەواشە بکەن، بێ ئاگا لەوەی هەندێ بناغەی فەلسەفی بۆ ژیانی ڕۆژانەو شێوازی پیادەکردنی ئاین زۆر پێویستن، چونکە (**(زۆر لازمە گشتمان موتالەعەی جمهورییەتی ئەفلاتوون بکەینو (تربیە)ی (فاضلانی) لێ وەرگرین بەگوێرەی (ترقیات)ی بەشەر، دەستووری بۆ واعیزانو خەتیبان، موددەریسان شاعیران دانێین، ئەما کێ یاریدەمیم ئەکا؟ (مع الاسف) (مخاطب)ەکم نییە گفتوگۆی لەگەڵ بکەم. (نحن معاشر الانبیاء، اُمرنا اَن نکلم الناس علی قدر عقولهم)**).

بڕوانن چۆن (**مەلای گەورە**) تینووی فەلسەفە بووە بەو ئاقارەی لەو شوێنەی فەلسەفە ببێتە یارمەتیدەرو پشتیوانی جێبەجێ کردنی عەقلی ئاینو ئەو سەردەمیش زۆرینەی مەلایانی کورد نەیانویستووە وەك مەلای گەورە وەها قوول ببنەوە، چونکە خەریك بوون بەفەلسەفەو خوێندنەوەی چەمکەکانی تر، پێویستی بەماندووکردنی بیرو عەقڵ هەیە. ئەها لەتەفسیرەکەیدا چەندین جار لەگەڵ وتە فەلسەفییەکان دەژیێتەوەو دەیانکاتەوە بەڵگەی زانستی... (**ئەفلاتون بەتەقلید رازی نییە... ئافەرین لەئەفلاتوون، بنۆڕو جمهورییەتی، ئەساسی لەسەر ئیستفسار لەمەعنای عەدالەت دادەنێ...** هتد) تەفسیری مەلای گەورە، بەرگی نۆیەم، لاپەڕە ٢٤٠و ٢٥٥.

دەبێ ئەو ڕۆژە کەی بێت مەلایانی کورد (**مەلای گەورە**) ئاسا، فەلسەفییانە بۆ پیادەکردنی ئاین بچنو ببنەوە خاوەنی ئەو فەلسەفەیەی کە هێڵە گشتییەکانی کاری ئاینییان لەسەر دامەزراوەو خوێندنەوە بۆ هەموو کایە فیکرییەکان بکەنو بیخەنە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندنو ڕەخنە؟!! وای بۆ ئەوێ ڕۆژێ!!!!!

Hem992003@yahoo.com

# ڕۆژنامەگەری ئایینیو ئەرکی هەنووکەیی



مەلا ئاراس ڕواندوزی

لەسەرووبەندی تاوسەندنی بەرچاوی ڕەوتی خامەو، بەرزبوونەوەی بەهاو باڵانسی وشەو، هەڵکشانی ڕۆڵو ڕەواجی نووسین لەچوارچێوەی ڕووبەری بەرفراوانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا پەرەسەندنێکی وەرچەرخێنەری ئەرێنی لەپرۆسەی خوێندەواریدا بەرپابووەو، سەرهەڵدانی جوڵانەوەیەکی جیاوازو پۆزەتیڤانەتر لەسەر ئاستی ڕووناکبیریو وشیاری خوێندنەوەو نووسین بەدیدەکرێت، کە تەکانێکی بەگوڕی داوەتە کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی بەئاراستەی بوژاندنەوەی خەرمانە دەوڵەمەندەکەیو درەوشاندنەوەی فەرهەنگە گەوهەرییەکەیو، چەسپاندنی شوناسە ئەدەبییەکەی، کە نەوەکانی ئێستاشمان بەکارلێکەری ئەو پێشهاتە گرنگە زادەی مەعریفەییو ڕۆشنبیری ئاخاوتنیان بەرفراوانترو ڕەوانتر بووە.

ڕۆژنامەگەری کوردیش نەك هەر دانەبڕاوە لە وابەستبوون بە هەڵکردنو هەنگاونان هاوشانی ڕەوتە جیهانییەکە بەڵکو بەڵگە زیندووەکان پاڵپشت بەو پێشکەوتنە سەرنجڕاوەی لەئەزموونو تەمەنی پڕ بەخششیدا ڕەنگدەداتەوە دەیسەلمێنن، کە بۆتە ژمارەیەکی دیارو کاریگەرو تارادەیەکیش یەکلاییکەرەوە لەملمڵانێی پێشبڕکێکردن لەسەر ئاستی هەرێمایەتیو ناوچەکە بۆ نەخشاندنی جێدەستی ڕەنگینی خۆی لەتۆماری پڕ لەدەسکەوتو داهێنانی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیدا کە ئەمەش وایکردووە ڕۆژنامەگەریی کوردی لەئێستای گوزەری خۆیدا بەوێستگەیەکی هەرە زێڕینو دەوڵەمەند بەکەرەستەو پلانی تەکنیکیو تەکنەلۆژیایی هاوچەرخدا تێپەڕ ببێتو لەتریسکدانەوەو درەوشانەوەیەکی مێژوویی بێوێنە دابێت کە ئامادەگیو ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری ئایینی لەپێکهێنانو پێشخستنی ئەم قۆناغە گەشەسەندووەیدا بەهێزو بەرچاو بووەو، تەنانەت لە زۆر هەڵوێستو بواردا پێشەنگو پەرەپێدەری ئەرێنی شێوازو میکانیزمی کارکردنو، داڕێژەری نەخشەی هاوسەنگبوونو بەرقەرابوونی ئیقاعی عەقڵانیو لۆژیکیانە بووە، لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانەو درکاندنیان بەڕاشکاوانە لەم پەرەگرافەدا بەئامانجی پیاهەڵدانو ئارایشتکردنی ڕووخسارو مۆدێلی ڕۆژنامەگەری کوردی نییە بەڵکە ئامانج لێیان ئاماژە پێدانییانە وەکو دەسپێکێکی پەیوەندیدار بەکرۆکی ناونیشانی بابەتەکەم چونکە لەپاڵ ئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی لەئێستادا لەساتەوەختی درەوێنەو چنینەوەی دەسکەوتەکانی ساڵەهای ساڵی شەونخوونی قەڵەمە پێشەنگە بەبڕشتەکان بەدیار پاکیزەییو پیرۆزیی وشە دایە کە لەپشوودانو ووچاندان سڵەمینەتەوەو بێباکانە لەدرێژەدان بەشوێنکەوتنی هزرو فەلسەفەی خاوەن خامە بنیاتنەرەکان تێکۆشاونو هەمیشە نکۆڵیان لەدەستەوەستان کردووەو لەسۆنگەی ماندوونەناسییەوە مەشخەڵی نۆبەرەی بەرهەمی ڕۆژنامەگەری کوردییان بەئەمانەتەوە ڕادەستی نەوە دوای نەوەی ڕۆژنامەنووس کردووە، وەلێ خاڵێکی گرنگو گەوهەری هەیە کە لەئێستای وەشانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا زۆر بەکەمی دەبینرێ ئەگەر نەڵێین هەر نییەو!!!، لاوازبوونی پەیامەکەی لێکەوتۆتەوە کە خوێنەری کورد بەئاسانی گونجاو بکرێت بۆ دەرچوون لەو تەنگەژەیە بۆ ئەوەی لەم گۆشەنیگایەوە خوێنەرە بەڕێزەکان بخرێنەوە سەر ڕێچکە ڕاستەقینەکەی پەیامی قەڵەمو لەگرنگیو بەرپرسیارییەتی ئەو ئامرازە پڕ لەبەخششە وشیاربکرێنەوە کە باکگراوندە ڕاستەقینەکەی لەئایینی ئیسلامەوە ڕەنگدەداتەوە کاتێك دەبینین قورئانی پیرۆز سورەتێکی بەناوی قەڵەمەو خودای پەروەردگار سوێندی پێخواردووە، لێرەداو بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە دەمەوێت لەڕوانگەی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەرکی هەنووکەیی ڕۆژنامەگەری ئایینی بکەم وەکو جەمسەرێکی تەواوکەرو کاریگەرو پشکدار لەپێشکەوتنە وەدیهاتووەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی کە پێگەیەکی ستراتیژی لەبونیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا دامەزراندووەو ئاراستەیەکی ئامانجداری لەڕووکارەکەیدا



سەرنجی لێداوەو بەپاشەکشەیەکی ئاشکرای پێشقەچوونی پرۆسەکەی دەزانێت لەڕووی پەیڕەوکردنی پێودانگە بنچینەییەکانی ڕۆژنامەگەری لەکارەکانیدا تایبەت بە لەبەرچاوگرتنو وەڵامدانەوەی ویستو حەزو سۆزی خوێنەر، ئەو خاڵەش پەراوێزخستنی تایبەتمەندی ئایینییە لەپانتاییەکەدا کە مەگەر بەدەگمەن لەسەر ڕووپەری بڵاوکراوەیەك یان گۆڤارو ڕۆژنامەیەك بابەتێکی ئایینی نمایش ببێت ئەگینا سەرلەبەری مومارەسەکە لەبایەخدان بە پرسو بابەتە سیاسیو ئابووریو وەرزشیو کۆمەڵایەتیو شیکردنەوەی ڕووداوو پێشهاتی ئەم بوارانە دەردەکەوێتو، بواری شایستە نەدراوە بەلایەنی ئایینی، کە ئاشکرایە ئەم شێوەکارکردنە لەم کایە ستراتیژییەی ڕۆشنگەریو ئەدەبییەدا جگە لەبێبەشبوونی خوێنەری کورد لەئاشنابوونی پتر بەئایینەکەیو شرۆڤەکاری پێشهاتو ڕووداوەکان لەڕوانگەیەکی ئایینییەوە حاڵەتێکە لەناهەقیکردنو بێ موبالاتی کە دەبێت هەڵوەستەی جیددی لەسەربکرێتو، بەوردی کار بۆ دۆزینەوەی بەدیلێکی بەرجەستە کردووەو لەڕوانگەی پەرۆشیو خەمخۆری بۆ ئایینو گەیاندنی ناوەڕۆکی پەیامو ئامانجە بەرزەکانی بەخوێنەر چەکەرەی کردووە کە خۆشبەختانە خەریکە بوونی خۆی بەکردەییترو جدییترەوە لەچوارچێوەی گرنگیدان بەوشەی کوردیو زاخاودانی مێشکی خوێنەر بە بابەتو شرۆڤەکاری ئایینی بچەسپێنێتو ببێتە زمانحاڵە دڵخوازەکەی هەوادارانی وشەی شیرینی ئایینیو، لەبازنەی بابەتیبوون لەگەڵ پیشەکەدا پەیامەکەی پەخش بکات، ڕۆژنامەگەری ئایینی لەئێستاداو لەو گۆڕانکارییانەی هاوزەمانیدا ئەرکەکەی قورستر بووە بەبەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوودا بەتایبەت کە ئێستا هاوکێشەکە هەستیارتر بووە بەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی گێرۆدەی ڤایرۆسی کوشندەی زۆرێك لەو قەڵەمانە بووە کە بەشێوازی جۆراوجۆر دەکەونە هەڵەی گەورەوە دەرهەق بە پیرۆزییە ئایینییەکانو، شکاندنو پێشلکاریکردنو ناوزڕاندنی خەڵكو دەستبردن بۆ تایبەتمەندی کەسەکان کە ئەمە دیاردەو دەرکەوتەیەکی ترسناکە لەپرۆسەی ڕۆژنامەنووسییەوەو پێویستە ڕۆژنامەگەری ئایینی بەحەزەرەوە لەئاستییاندا مامەڵە بکاتو ڕاستەوخۆ نەچێتە نێو گێژاوەکەو لەئاستی بەرپرسیارییەتیو ئەمانەتی ئیتیکی پیشەکە دابێت چونکە تایبەتمەندیو هەستیاری هەلومەرجەکە دەخوازێت لەزۆربەی کاتەکاندا ڕۆژنامەگەری ئایینی ببێتە هۆکارو فاکتەری هێورکردنەوەو دامرکاندنەوەی هەڵچوونە دەروونییەکان کە مایەی خۆشحاڵییە ئەمە وەکو دیارترین دەرکەوتە لەپەیامو ئامانجی خامەکانیدا پێڕۆ کراوە نەك خوا نەخواستە ببێتە درێژەپێدەرو درێژکەرەوەی هەڵوێستی ئەوانەی ڕێخۆشکەرو دەستپێشخەری ورووژاندنی زمانی زبرنو باکیان نییە لەتیژکردنەوەی نووکی قەڵەمەکان بۆ مشتومڕو ملدانە دەماقاڵێی بێسوودو بێ ئەنجام، پێویستییەکی بنچینەییە کە ڕۆژنامەگەریی ئایینی ڕەچەشکێن بێت بەو مانایەی بەستەڵەکەکانی نێو دونیای ڕۆژنامەنووسی بشکێنێت کە دەربیخات بۆ هەموو لایەك کە هەنگاوەکانی ڕوومالکاری کردنی بۆ ڕووداوو پێشهاتەکان لەچەقبەستوویی گواستۆتەوە بۆ چالاکبوونو چاودێریکردنی دەرهاویشتەو دەرەنجامەکانی لەڕێی بەدواداچوونی گەرمو زیندوو، زۆر زەروورە قەڵەمەکان لەڕێڕەوی ڕۆژنامەگەری ئایینیدا ئاوازی یەکڕیزیو تەباییو پێکەوەیی توێژی کاریگەری زانایانی ئایینی بچڕنو پارێزگاری لەقورسایی بوونو ڕۆڵیان لەگۆڕەپانەکەو کایە جیاوازەکانی ژیاندا بکەن، چونکە پەرتەوازەییو ترازانی شیرازەی پەیوەندی زانایان بەواتای شڵەژانێکی کوشندە دێت بۆ پایەو پێناسەی ئایینیانو، دۆخەکە بۆ قورساییو قازانجی نەیارانیان دەشکێتەوە، هەروەك گرنگە ڕۆژنامەگەری ئایینی کار بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ناکۆکییەکان بکات بەتایبەت لەگەڵ ڕۆشنبیرانو هەوڵبدات زەمینەسازییەك بکات بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێی پەیوەندییەکان کە زامنی مانەوەی ڕۆحییەتی یەکتر قەبوڵکردن بێت لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن لەیەکترو هەڵبژاردنی دیالۆگ بۆ لەیەکگەیشتن لەکاتی هاتنە پێشەوەی ئەگەری هەر کێشەیەك، چونکە ئەم هەنگاوە متمانەی هەردوولا بەیەکتر دەباتەوە ئاستی ئاساییو سروشتی خۆی، ئەرکێکی تری ڕۆژنامەگەری ئایینی ئەوەیە دەبێت داهێنانو تازەگەرییو تایبەتمەندیی بکاتە ئامانجێکی سەرەکی لەکارەکانییداو، بەواتایەکی دیکە پێویستە ڕۆژنامەگەری ئایینی خۆی بپارێزێت لەلاساییکردنەوەو دووبارەکردنەوەی کارەکانی لایەکی دیکەو نەچێتە ژێر کاریگەرییەکانییەوە، هەروەك ئەرکێکی بنەڕەتییە کە ڕۆژنامەگەری ئایینی گوتارو گوشارە سرووشتییەکەی بە ئەندازەیەکی ئەکتیڤتر بەئاراستەی ئیجابیبوونو ئینتیمابوون بۆ پێوەری ڕاستگۆییو پابەندبوون بە ڕەهەندەکانییەوە بەرێتو، هەوڵبدات ببێتە ژێدەری متمانەو مەیسەربوونی دەرفەتی دەسکەوتنی زانیاری ڕاستو دروست کە ببێتە جێی پەسنو پەسندیی خوێنەران، خاڵێکی تر کە پێویستە لەکارنامەی ڕۆژنامەگەری ئایینی دا ڕەنگبداتەوە ئەوەیە دەبێت ببێتە ئەکادیمیایەکی پێشەنگ بۆ پێگەیاندنی خامەی بەتواناو، نەوەیەکی لێهاتوو لە ڕۆژنامەنووسی ئایینی ئامادە بکات بۆ قۆناغەکانی داهاتوو بەمەش دەسکەوتی گرنگتر فەراهەم دەکات بۆ مێژووەکەیو وەرچەرخانو بازدانی گەورەتر بە ئاراستەو ئامانجی خزمەتکردنی ڕەوتو ڕێڕەوی قەڵەمو وشەی شیرینی کوردی لەڕوانگەیەکی ئایینییەوە.

## ڕاگەیاندنی ئیسلامی

# ئەرك‌و ئامانج



مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

ئەگەر ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی بریتی بێت لەگوزارشت کردنێکی بابەتیانە، لەخواستو ئارەزوو عەقڵیەتو ئاراستەی جەماوەر لەلایەکو، گەیاندنی زانیاریو ڕاوبۆچوونی نوێ لەلایەکی ترەوە، ئەوە ڕاگەیاندنی ئایینی یان وردتر بڵێین ڕاگەیاندنی ئیسلامی خۆی لەئاراستەیەکی خێرویستانەو ڕاستو ڕاشکاوانە بەرەچاوکردنی بنەماو ڕێنماییە گشتییەکانی ئیسلام خۆی دەبینێتەوە.

بۆیەشە جیاوازی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لەوە دەکەوێ، کە خاوەن پەیامێکە سەرەنجام بێ هیچ سنوورێك ئاراستەکان دەگرێتەوە، بەمانایەکی تر لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی خاوەن فەرهەنگو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو گشتگیرە، ئەکرێ بڵێین لە هەر کوێی وڵاتێکی ئیسلامی بایەخی پێ بدرێت، بەقازانجی ئەوەی تر دەگەڕێتەوە، چونکە پەیامی هەر هەمووی خزمەتکردنی ئیسلامو مرۆڤو ژینگەیە.

بەڵام هەرکات ئەو پەیامەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی بەئاراستەیەکی پێچەوانەوە، یان لەچوارچێوەیەکی تەسك، یان بۆ ئامانجی تایبەتی، یان لەپێناو ئایدیۆلۆژیایەك کورتکرایەوە، ئەوکات کاریگەرییەکانیشی ناچنە خانەی ئومێدەوە.

ئەمڕۆ ڕاگەیاندن بۆتە بەشێکی کاریگەرو گرنگی ژیانی خەڵك، بەشێوەیەك زیاتر حەدەسەکان لەئاوێنەی ڕاگەیاندنو میدیا دەزاندرێنو وەردەگیرێن، بۆیە ئەرکەکەش قورسترەو بگرە پێویستیشی بەفۆڕمو میکانیزمی تازە هەیە، تاوێنەیەکی کاریگەر بخاتە مەیدانی واقعەوە، ڕاگەیاندنی ئیسلامی هیچ کات بێ کاریگەر نەبووە، بەڵکو خولقێنەری هێزی کاریگەریە لەناو کۆمەڵگەدا، چونکە ڕاگەیاندنێکە پەیامدارەو هەمیشەش بەرپرسیارانە مامەڵە دەکات، بۆ پێگەیاندنی ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەرکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی خۆی لەبایەخدان بەبیرو باوەڕو هۆشیاری موسڵمانانو زانیاری دروستو ئاراستەی جەماوەر بەپێی بنەماکانی شەریعەت لەچوارچێوەی ئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپە بەدی دەکرێ، لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی هەر بۆچوونو تەوژمێك دەبێتەوە، کە بەزیانی کۆمەڵگەی موسڵمانو خاكو نیشتمان ئاراستە بکرێ، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکان چەمکەکانی (خێرو ئاشتەواییو ئومێد) ون ناکاو میسداقیەتی خۆشی دەپارێزێ، تا بەو شێوە دەچێتە پێشەوەو لەناوەڕۆکێکی پاكو پڕ ئیخلاص بەرەو ئامانجەکانی ڕێگە دەگرێ.

لەو قۆناغەشدا ئەرکی ئەو ڕاگەیاندنە زیاتر خۆی لە ئەستۆی زانایانی ئایینی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان کاراکتەری ئەو بوارنو دەبێ لەسەر ئەو بنەما گشتیانەی سەرەنجام یەك هەڵوێست بن لە ئەدای ئامانجی بەردەمیان، کە گرنگی دانی هەستی ئاینپەروەریو نیشتمان دۆستیە، وێڕای بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی بیناکردنی ڕۆڵەکانی میللەت لەسەر پەروەردەیەکی چاكو خێرویستو کەسایەتیەکی دامەزراوەوە.

ئەگەر ئەرکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی تا دوێنێ ئەرکێك بووبێ، ئەوە بە تەئکید ئێستا ئەرکەکە چەند بارە بۆتەوەو بگرە هەنگاوەکانیشی جیاوازترن، ئەگەرچی تەکنەلۆجیا وەك ئالەتێکی مەعنی هاوکارە لەو گەیاندنە، بەڵام کێشە گەیاندن نیە، هێندە کێشە لەودایە، کە چیو چۆنو لەبەرچی ئەو شتە دەگەیەندرێ، ئێمە هەموو دەزانین ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندەی لە پشت ڕاگەیاندنی ئیسلامەوەیە، هیچ کەمو کورتی تێدا نیەو بۆ هەموو زەمەنەکانیش دەگونجێ، هەروەك بۆ هەموو پرسیارەکانیش وڵامی پێیە، بە مانایاکی تر لە ناو بازنەی ئایینو سەرچاوەکانی شتێکمان نیە بەناوی کێشە، بەڵکو کێشە لەو شێوازو ئوسلوبەیە کە ئایین عەرز دەکات، ئەمەیە وای کردووە زۆرجار ڕاگەیاندنی ئیسلامی تووشی قەیرانو پێکدادانو دەرچوون لە ئەسڵە پەیامەکە کردووە.

ئەرکی ڕاگەیاندنی ئیسلامی گەیاندنی شتەکانە وەك خۆی، هەڵسەنگاندنی بابەتەکان بە ئینصافەوە، لێکدانەوەی حەدەسەکانە بەرەچاوکردنی بنەماکانی ئەخلاقیو پیرۆزیەکان، بەر لەوەی ئیدانەکردنی تێدا بێت گەیاندنە، بەر لەوەی تووڕەیی هەبێ نەرمیو ئارامیە، لەسەرووی هەمووشیەوە ڕاگەیاندێکی ئامانجدارە.

ئەو ئامانجە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بەپێی ئایەتی (کنتم خیر أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنکر...)، بەئاراستەی (وما ارسلناك إلاّ رحمة للعالمین)، لەهێماو ئاماژەی (ومن أحسن قولاً ممن دعا الى الله وعمل صالحا وقال إنني من المسلمین) هەنگاو بنێ، لەقوڕئانی پیرۆزو لەسوننەتی پێغەمبەریش سەلامی خوای لەسەر بێت، لانی کەم هەزار جار بایەخی ڕاگەیاندن هاتووەو دووبارە بۆتەوە، ئەگەرچی خۆی لەماددەی (قول)شدا دیتبێتەوە، بەڵام ئامانجی ئەوەیە ئەمڕۆ باشتر بێ لەدوێنێو بەیانیش لەئەمڕۆ، دەیەوێ دونیاو قیامەت، دینو دونیا، مرۆڤو کۆمەڵگە، ژیارو ژینگە، بەجوانترین شێوە ئاراستە بکات.

لەبەر ئەوە ئەرکە هەمووان بەتایبەت مامۆستایانی بەقەدری ئایینی لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئاورێك لەڕاگەیاندنی ئیسلامی بدەنەوە، وە بۆ باشتر کردنی هەوڵی جددی بدەین، تا بەهەمووانەوە ڕووە جوانەکەی ئەو ئیعلامە کە پەیامێکی گرنگو پڕ لەبەرپرسیارێتی هەڵگرتووە جوانتر بکەین.

Sherkaway83@gmail.com

# با خیتابی دینی دوور بێ لەعاتیفەو لێکدانەوەی نابەجێ

دلشاد عەبدولڕەحمان

لەژمارە (٧١٦)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەڕاپۆرتێکدا لەئامادەکردنی کەسێك بەناوی (ژیار محمد) هەندێك هەواڵی نادروستی بڵاکردەوە سەبارەت بەو نامیلکەیەی، کە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لەکوردستان ئەرکی چاپو بڵاو کردنەوەی لەئەستۆ گرتبوو، بەناونیشانی (خۆپێشاندان حوکمو مەرجو داڕشتنەکانی لەڕووانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە) لەنێو دیمانەکەیدا کە سازیدا بوو، ناوبراو لەتەك دوو مەلادا کە یەکێکیان (مەلا محمد نەسروڵڵا) بوو، بەڕێزیان بەداخەوە، ڕایگەیاندبوو کە نووسەری ئەو نامیلکەیە ئەندامی یەکێتی زانایان نییەو مەلاش نییە، کە ئەمە زۆر دوورە لەڕاستیو واقیعەوە، بۆیە ئێمەش چەند جارێك ڕوون کردنەوەمان بۆ هاوڵاتی نووسی، بەڵام بەداخەوە بڵاویان نەکردەوە بەکۆمەڵێك بڕوو بیانووی بێ بنەما، بۆیە ئێمەش بەپێویستمان زانی بەچەند خاڵێك وەڵامی بدەینەوە:

**یەکەم:** نووسەری نامیلکەکە بەڕێز (د.حسن خالید مفتی) ئەندامێکی کارای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانە لەساڵی (١٩٩٢)وەوە، هەروەها هەلسوڕێنەری کاروباری لیژنەی باڵای فەتوای کوردستانیشە لەساڵی (١٩٩٨)وە. دکتۆرای لە(اصولی الفقه) هەیەو سەرۆکی بەشی شەریعەیە لەکۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی صلاح الدین، لەخزمەت هەردوو زانای گەورە خوالێخۆشبووان مامۆستا شێخ عبدالکریمی مدرسو مامۆستا شێخ خالید مفتی بڕوانامەی زانستی وەرگرتووە.

**دووەم:** نووسەر لەڕوانگەی شەرعەوەو بابەتیانە لێکدانەوەیەکی فیقهی ئوصولی بۆ نوێژە هەینیەکەی (٢/٢٥)ی سەرای ئازادی کردووە، دیارە نوێژی هەینی لە هەر شوێنێك بکرێ دروستە، بەڵام بە شەرتو مەرجی شەرعی. چونکە ئێمە قاعیدەیەکی ئوصلی فیقهیمان هەیە دەڵێت (قەدەغە لێکراوەکان لەکاتی زۆرپێویست دەبنە موباح)، بەڵام ئەم نوێژەی بەردەرکی سەرا، بەڕای نووسەر بەزەرورەتی شەرعی نەکراوەو شەرتو مەرجە شەرعییەکان بەتەواوی تێدا نەبووە، بۆیە تێبینی خۆی لەسەر نووسیوە. چونکە لەکاتی خوتبە خوێندنەوە فیکەو چەپلەو گوتنەوەی هوتافی سیاسیو پشتکردنە قیبلەو... هتد دروست نییە.

نووسەریش بەئەرکی شەرعی زانیوە باسی شتە ناشەرعییەکان بکات، بۆ ئەوەی گوتاری هەینی لەڕێزو سەنگی کەم نەبێتەوە. هەروەها خەڵکی شارەزا بن لەشەرتو روکنەکانی نوێژی هەینی، نووسەریش سوکایەتی بەهیچ کەسو لایەنێك نەکردووە، خۆپێشاندانیشی بەپێی داڕشتنە شەرعییەکان بەدروست زانیوە، نوێژی بەر دەرکی سەراشی نەچواندووە بەفیکەو هەرای موشریکەکانی بن دیواری کەعبە وەك لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە، بۆیە ناکرێ ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی تێبینی شەرعی لەسەر شتێك هەبوو، مانای لێکدانەوەی سیاسی بۆ بکرێ، بۆیە تۆمەتبارکردنی مامۆستایانی ئایینی، لەسەر ئامۆژگاری کردنێك لەجێگەی خۆی نییە.

**سێیەم:** ڕووەو مامۆستایانی ئایینی دەڵێم: دەبێت سیاسەت بۆ خزمەتی دین بەکار بێت، نەك دین بۆ خزمەتی سیاسەت، چونکە سیاسەت بەشێکە لەدین، بۆیە ناکرێ دین لەسیاسەتدا کورت بکرێتەوە، هەروەها نشکرێ خیتابی دینی بکرێتە دەسکەلایەك بۆ هێرش کردنە سەر لایەنێك، یان بەرگری کردن لە ئەمو ئەو، هەموومان ئەو مۆدێلە ناشیرنەی دوای ساڵی (١٩٩١)مان بینی زۆر بەداخەوە هەر حیزبەو کۆمەڵێك مەلای لەدەوری خۆی کۆکربوویەوە وەکو قەنەواتێك لەساتە تەنگەکاندا بۆ جولاندنی عەتفی خەڵكو شەرعیەت دان بەکارەکانیان

بۆ ل١١

# بەلاغی کۆتایی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان




**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾**

ئێمە وەك ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەکۆبوونەوەی ئاسایی ڕۆژی (٢٠١١/٤/١٣) پشتیوانی خۆمان بۆ پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە (٢٠١١/٤/١٠) دەردەبڕین، کە تێیدا داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن دەکات، دەرگای دانووستان دانەخەنو، پێکەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن، بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێك، کە خزمەت بە گەلەکەمان بکاتو، هەرێمی کوردستان لەو بارودۆخەی ئەمڕۆ بباتە دەرەوە، هەر لێرەوە وەك زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان، کە هەمیشەو، بەتایبەتیش لەکاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان بەتیابەتیش سلێمانیو دەوروبەری، ڕۆڵی برایەتیو پاراستنی گیانی هاوڵاتییانو هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی خۆشەویستیمان بینیووە، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین، بە حزبەکانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، بە ئەرکی دونیاو قیامەتی خۆیان هەڵبستنو، پێکەوە لەسەر بنەمای ڕێزو بڕوا پێك بوون گفتوگۆ بکەن، تا لەکۆتاییدا بە ئەنجامێك بگەن، کە خزمەت بە ڕەوشی هەرێمی کوردستان بکاتو، ژیان لەوڵاتەکەمان ئاسایی ببێتەوە.

هەر لێرەوە جارێکی دیکە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، چەندی زووە پەلەی زیاتر بکات، بۆ ئەوەی تا زووترە بەرنامەی چاکسازی خۆی جێبەجێ بکاتو، خواستە ڕەواکانی جەماوەر بێنێتەجێ، هەروەك داوا لە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکەین هاوکار لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆ گەییشتن بە ئەنجامێکی باشو، جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازییان.

بەپێویستی دەزانین ڕاگەیاندنەکان لەم قۆناغەدا لەئاست مەسئولیەت بنو، چیدیکە پەرە بەزمانی توندو گرژ نەدەن، کە دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕقو کینە لەناو هاوڵاتییاندا، پێویستە هەموو لایەکیش ڕێگیری بکات لە هەر ڕاگەیاندنێکی دەرەکی کە ڕۆڵی سەلبیو نەرێنی لە وڵاتەکەمان ببینێت.

داوا لە هەموو لایەکیش دەکەین ڕێز لە زانایانی ئایینی بگرنو، هەوڵ نەدەن هیچ لایەنێك لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی یان سیاسی تایبەت، مامۆستایانی ئایینی لەکەدار بکەنو، هەوڵ نەدەن هەر یەکەو لەلایەك بەپێی بەرژەوەندی حزبی خۆی سوکایەتی بەبەشێك لە مامۆستایانی ئایینی بکات.

هەر لێرەشەوە داوا لە مامۆستایانی ئایینی بەڕێز دەکەین، کە ئێمە وێڕای ئەوەی ڕۆڵیان لەم ڕووداوانە بەرز دەنرخێنین، هیوادارین بە هەموو شێوەیەك پارێزگاری لە یەکریزی خۆیان بکەنو، بەردەوام بن لە پەیامی ئاشتیو چاکسازیو، وەك هەمیشە ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بگێڕن، لە پێناو هێورکردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستانو، هێنانەدی خواستەکانی هاوڵاتیان، بە هیچ شێوەیەکیش نەکەونە ژێر فشاری هیچ لایەنێکەوە، بۆ ئەوەی لە بڕیارو وتارەکانیان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، وە بەڵێنیشیان پێدەدەین، وەك هەمیشە سەربازێکی ماندوونەناس بین بۆ دیفاعکردن لە مافەکانیان بەبێ جیاوازی بۆچوونو ئینتیمای سیاسیی.

**ئەنجومەنی ناوەندی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی**
**کوردستان**
**٢٠١١/٤/١٣**

# مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازی فیدرۆاسیۆنی جڤاکا ئیسلامی کوردستان لە ئەورووپا دەکات




سەر لەبەیانی ڕۆژی (٢٠١١/٣/١٧) شاندێکی فیدراسیۆنی جڤاکا ئیسلامی کوردستان لەئەورووپا سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیان کرد. شاندەکە پێکهاتبوو لە بەڕێزان شێخ مەلا شافیعی سەرۆکی فیدراسیۆنو مەلا محیەدین جزیری جێگری سەرۆكو کاك عەلی عەگیدو کاك شیار پێکهاتبوون.

لەدیدارەکەدا وێڕای دووپاتکردنەوەی هەماهەنگیو برایەتی، باس لەڕەوشی پەنابەرانی کەمپی مەخوور کرایەوە، کە کۆمەڵە کوردێکی باکووری کوردستانی تێدایە، باس لەچۆنیەتی هاوکاریکردنیان بۆ سەفەری حەجو دروستکردنی مزگەوتێکی گەورەتر.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بەخێرهاتنێکی گەرمی شاندی میوانی کردو، سوپاسێکی گەرمی کردن، کە بۆ دووەمین جارە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

سەبارەت بەپەنابەرانی کەمپی مەخووریش سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتی: ئێمە بەپێی توانای خۆمان ئاگامان لێیان هەیە، هەر بۆیە لقی هەولێرو ناوچەی مەخووری یەکێتی زانایان سەردانیان کردوونەو، کۆمەکیانە بۆ بردوونە، بۆ مەسەلەی حەجو دروستکردنی مزگەوتیش چ لەڕێگای حکومەتەوە بێت یان لەڕێگای خێرخوازانەوە، بەڵێنی هاوکاری تەواوی پێدانو، بڕیاریش درا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان هەر لەو هەفتەیە چەند کۆبوونەوەی دیکە ئەنجام بدەن، چونکە بە تێڕوانینی یەکێتی زانایان کورد هەمووی هەر یەکەو، دوژمنان سنووری دەستکردییان لە نێوان دروست کردینە.

شایانی باسە شاندەکە بەیاوەری مامۆستا مەلا ئەنوەر چیوەیی بوو، هەروەها هەر یەك لە مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی زانایانو مەلا جەعفەر گوانی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

# ڕوونکردنەوەیەك لەمامۆستا مەلا مەریوانەوە

دوای ئەوەی لەژمارە ٦٩ی (پەیام)، لقی هەولێری یەکێتی زانایان ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەو سێ مامۆستا ئایینیەی شاری هەولێر بڵاوکردەوەو لەبەشێکیدا هاتبوو، کە ئەوان نیگەرانن لەقسەی ئەو مامۆستایانە، کە گوتیانە یەکێتی زانایان بێ هەڵوێست بووە، بۆیە لەڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: ئێمە بۆ خەڵکی ڕووندەکەینەوە، کە تائێستاش ئەو مامۆستایانە سەردانی ئێمەیان نەکردووەو کێشەکانیان بە ئەوان نەگوتووە، بەڵام ئەوان کاری پێویستیان هەر ئەنجامداوە.

لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بەڕێز مامۆستا مەلا مەریوان کە پێش نوێژو وتارخوێن بوو لەکەسنەزان گوتی: ڕاستە من سەردانی لقی هەولێری یەکێتی زانایانم نەکردووە، بەڵام ڕۆژی ٢/٢٧ چومەتە لای بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا سەرۆکی یەکێتی زانایانو کێشەکەم عەرز کردووە.

لەبەشێکی تری قسەکانی ناوبراو گوتی: لە ڕوونکردنەوەی لقی هەولێری یەکێتی زانایان هاتووە، کە بەشێك لە خەڵکی کەسنەزان بەوتاری ئەو ڕازی نین، کە ئەمە بۆتە ڕێگر لەبەردەم کارنەکردنی پتریان لەو بارەوە. بۆیە من ڕاشکاوانە دەڵێم: زۆربەی خەڵکی بە ئێمە ڕازییە بۆ وتار خوێندنەوەو زۆریش بە پەرۆش بوونە بۆم.

# وەزیری ئەوقاف: ئەو مامۆستایەی بە تەوجیهی حیزبەکەی دەچێت بۆ شوێنێك ئەوە گەندەڵیەو مامۆستایان موڵکی گشتینو دەبێت پشتیوانی لەیەك بکەن



بەپێی هەواڵێکی سایتی وەزارەتی ئەوقاف، کامیلی حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە "ئەو مامۆستایەی بەتەوجیهی حیزبەکەی دەچێت بۆ شوێنێك ئەوە گەندەڵیەو مامۆستایان موڵکی گشتینو دەبێت پشتیوانی لەیەك بکەن".

وەزیری ئەوقاف سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو مامۆستایانەی کە لەخۆپیشاندانەکان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران وتی "ئێمە لەساتەوەختی دەستگیرکردنی ئەو چەند مامۆستایانە پەیوەندیمان بەلایەنە ئەمنییەکانەوە کردوەو تەنها دوو مامۆستا دەستگیرکراوەو دواتر ئازاد کراون".

سەبارەت بەڕێوشوێنی یاسایی وەزراتی ئەوقافو ئەو مامۆستایانەی لەنێو خۆپیشاندەران وتار دەخوێننەوە، وەزیری ئەوقاف ئاماژەی بەوەکرد "ئەو مامۆستایانە شتی باشیان وتوە، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەو مامۆستایانە دەبێ ئەرکی خۆیان جێنەهێڵن".

# شێخ بەهائەدین: داوامان لە سەرۆکی هەرێم کرد قەرەبووی مووچەی فەرمانبەرانی سنووری سلێمانی بکرێتەوە




شێخ بەهائەدین چەمپاراوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، یەکێك بوو لەبەشداربووانی زانایانی سلێمانی بۆ دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی سنووری سلێمانی لەمەکتەبی تەنفیزیو لقی سلێمانیو چەند مامۆستایەك، کە لەدیدارەکەدا هەموو مامۆستایان ڕاو سەرنجی خۆیان خستبووە ڕوو، بەتایبەتیش شێخ بەهائەدینو مامۆستا ئەحمەدی شافیعیو مامۆستا نەجمەدین.

شێخ بەهائەدین چەمپاراوەیی لە لێدوانێکی تایبەت بە سایتی زانایان باسی لە سەردانەکە کرد، کە ئەوان سەرەتا باسیان لەڕۆڵی زانایانی ئایینی کردووە، بەتایبەتی لەڕووداوەکانی سلێمانیو، هەروەها بە سەرۆکی هەرێمییان گووتووە: کوردستان وەك خانەوادەیەکە، بۆیە ئەگەر کەسانێك هەڵەش بکەن، پێویستە جەنابت، باوك ئاسا چاوپۆشی بکەی، چونکە گرنگترین شت هێوربوونەوەی دۆخەکەیە، ئینجا دەستخۆشییان لێی کردووە لەو پەیامەی بڵاوی کردەوە، بەمەبەستی دانووستان لەنێوان لایەنەکانی کوردستان.

خاڵێکی دیکە، کە قسەی لەسەر کرا قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەرانی سلێمانی بوو، چونکە لەدوای ئەوەی لەسەردەمی پۆڵ برێمەر یەکەم حاکمی مەدەنی ئەمریکا لەعێراق، مووچەی هەموو فەرمانبەرانی عێراق تەعدیل کراو، بەرێژەیەکی زۆر مووچەکە زیاد کرا، ئەو تەعدیلکردنە لەبەغداو هەولێر چاك کرا، بەڵام لەسنووری سلێمانی چاك نەکرا، بۆیە ئەگەر بەراوردی مووچەی فەرمانبەرانی سلێمانیو هەولێر بکەیت جیاوازییەکی زۆر هەیە، کە لەوانەیە هەر فەرمانبەرێکی سنووری سلێمانی چەندین ملیۆن پارەی کەوتبێتە لای حکومەت، بۆیە پێویستە حکومەت کار بۆ ئەوە بکات، قەرەبووی مووچەی فەرمانبەرانی سنووری سلێمانی بکات، تا وەکو هەولێر تەعدیل بکرێتو، ئەوەی خوراویشە بیاندرێتەوە.

سەرۆکی هەرێم خۆشحاڵ بوو بەسەردانەکەو، ئاگاداری هەوڵو ماندووبوونی زانایان بوو، دەستخۆشی لێکردنو، داواکارییەکانی قبوڵ کردن.

# شاندێکی باڵای لقی شارەزووری یەکێتی زانایان سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەکات



ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٤/٦ شاندێکی باڵای لقی شارەزووری یەکێتی زانایان، بەسەرپەرشتی بەڕێز مامۆستا مەلا بهاءالدین بەرپرسی لق، بەڕێزان ئەندامو کارگێڕانی لقی ناوبراو، سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیان کردو، لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو، بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بەڕێزەوە پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لەکۆبونەوەیەکدا، بەڕێز مامۆستا مەلا بهاءالدین بەرپرسی لق، دوای دەستخۆشیکردن لەسەرۆکایەتی یەکێتی زانایانو مەکتەبی تەنفیزی، لەهەڵوێستی پاراستنی یەکڕیزیو یەکدەنگی یەکێتی زانایانو، داکۆکیکردن لەتەواوی زانایانی کوردستان، بەتایبەتیش لەم بارودۆخەی ئەم دواییانەی هەرێم، دواتر بەڕێزیان باسی لە کارو چالاکییەکانی لقی شارەزوور کردو، دواتر هەندێك داواکاری زانایانی لقی ناوبراوی ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان کرد.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا سەرۆکی یەکێتی زانایان، بەناوی خۆیو سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، دوای سوپاسکردنی بەڕێزان پەرپرسو ئەندامانی لقی شارەزوور، لەسەر هاتنی بەڕێزیانو، دەستخۆشیکردنو هەماهەنگیان لەسەر هەڵوێستی یەکێتی زانایان، دوپاتی کردەوە: کە بێ ماندووبوونو بەبەردەوامی لەخزمەت زانایانی ئاینی کوردستان دادەبینو، ئەمە بەئەرکی خۆمان دەزانین.

دواتر بەڕێزیان زیاتر گوتی: گرنگترین ئامانجی ئێمە، بەتایبەتیش لەحاڵی حازردا، یەکدەنگیو یەکرەنگی زانایانو، پاراستنی سەروەریانە، کە بێگومان ئەمەیش بە هەوڵو هەماهەنگی تێکڕای زانایان دەبێ.

لەبەشێکی دیکەی وتەکانیدا، بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایان بەڵێنی هەوڵدانی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی زانایانی دوپاتکردەوەو، پاشان سەرکەوتووانە کۆتایی بە سەردانەکە هات.

# سەرۆکی یەکیتی زانایان سەردانی (مامۆستا مەلا مستەفا داروسەلامی) دەکات

**مەلا رسول سیتکانی - ڕاگەیاندنی لقی سۆران/** بەمەبەستی هەواڵ پرسین لەژیان گوزەران وتەندروستیەکەی، بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوللە مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان (مامۆستا مەلا مسەفا دارالسلامی)، مامۆستای ئایینیو کەسایەتی ناوداری ناوچەی باڵەکایەتی، بەسەرکردەوەو لەنزیکەوە لەگوزەرانو تەندروستییەکەی پرسیو هیوای ساغو سەلامەتی بۆ خواست.

لەبەرامبەریشدا مامۆستا خۆشحاڵ بوو بەو سەردانەو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ سەرۆکی یەکێتی زانایان خواست.

شایانی وتنە بەڕێز مامۆستا (مەلا مستەفا دارالسلامی) یەکێکە لەزانا ناودارەکانی باڵەکایەتیو تەمەنێکی پڕ سەروەری لەزانستو خواپەرستی سەرف کردوەو، کاتی خۆشی قازی شۆرشی ئەیلول بووەو، خزمەتێکی زۆری گەلەکەی کردوە.

# لە هۆڵی زانایان: دووەمین فیستیڤاڵی (وتاری هاوچەرخ)ی پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان بەڕێوەچوو



**ئا: مەلا تەیب زیارەتیو مەلا ئەمیر گەردی/** ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٤/١٤ لەژێر چاودێری بەڕێز وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینیو، بەئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی کوردستانو، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو، ڕێژەیەکی بەرچاوی کەسایەتیو مامۆستایانی ئاینی، ڕاگرایەتی پەیمانگەکانی زانستە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان دووەم فیستیڤاڵی ساڵانەی وتاری هاوچەرخی بۆ قوتابیانی پەیمانگاکانی هەریەك لە هەولێرو دهۆكو سلێمانیو ئاکرێ، لە هۆڵی زانایانی بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ڕێکخست.

سەرەتای فیستیڤاڵ بە چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێکردو، دواتر وتاری بەخێرهاتن لەلایەن بەڕێز دکتۆر عمر عبداللە سێبەردانی ڕاگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی بەیانیانی هەولێر خوێندرایەوە، پاشان وتارێك لەلایەن بەڕێز کامیلی حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی خوێندرایەوەو، تێیدا وێڕای دەست خۆشیکردن لەستافی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکە ڕۆڵی زانایانی ئاینیو یەکێتی زانایانی ئاینی لەئاست بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامیو، دانەبڕانیان لە پێشهاتو پێشکەوتنەکانی جیهان بەرز نرخاندو، جەختی لەسەر یەك هەڵوێستیو تەبایی زانایان کردەوەو، گوتی: مامۆستایان هەمیشە پێشەنگ بووینەو پێشەنگیش دەبن.

لەکۆتایی وتارەکەشی داوای لە یەکێتی زانایان کرد لەسەر ئەو ڕۆڵە جوانانەی کە بینیویانە لەسەری بەردەوامبنو درێژەی پێبدەن.

دواتر بەڕێز مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لەوتارێکدا خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم فیستڤاڵە دەربڕیو، پشتیوانی یەکێتی زانایانی بۆ ئەم جۆرە چالاکیانە دەربڕی، هەروەك داواشی لەوەزارەتی ئەوقاف کرد، کە گرنگی بە قوتابیانی ئاینیو پەیمانگا ئیسلامیەکان بدات.

لەبەشێکی تری وتەکانی بەڕێزیان ئاماژەی بەوەکرد، کەنابێت کارەساتی بەناو ئەنفال لەیاد بکرێت، بەڵکو دەبێت پاڵنەرمان بێت بۆکاری چاکترو یەکڕیزیو تەباییو، داواشی لەزانایانی ئاینی کرد کە لەوتارەکانیان باس لەو کارەساتە بکەن، کەبە باگڕاوەندو ناوی ئاینیەوە ئەنجامدراوە.

بۆ ل١١

# یەکێتی زانایان ڕێگری لە هیچ مامۆستایەکی ئایینی ناکات لێدوان بۆ ڕاگەیاندنەکان بدات

هەندێك لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە، گوایە یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی بە ئەندامانی خۆی دەکات، بۆ ئەوەی ڕێگرییان لێ بکات، کە لێدوان بۆ کەناڵەکانی ئۆپۆزسیۆن نەدەن.

یەکێتی زانایان ئەو هەواڵە ڕەت دەکاتەوەو، بە چەواشەکاری وەسف دەکات، لەو بارەوە مەلا جەعفەر گوانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان لە لێدوانێکی تایبەت بە سایتی زانایان ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، بڕیار درا، نووسراوێك ئاراستەی سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان بکرێت، کە تێیدا هاتووە، هیچ ئەندامێکی یەکێتی زانایان بۆی نییە بەناوی یەکێتی زانایانەوە لێدوان بۆ هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن بدات، تەنها بەرپرسی لقەکانی یەکێتی زانایان بۆیان هەیە بەناوی یەکێتی زانایانەوە قسە بکەن، لەوان بەرەو خوارتر ئەگەر بەناوی یەکێتی زانایانەوە قسە بکەن، پێویستە پرسو ڕا بە بەرپرسی لق بکەنو، ئیزنی لێوەربگرن، ئەگینا بۆیان نییە بەناوی یەکێتی زانایان قسە بکەن.

گوانی لەدرێژەی قسەکانی گوتی: مەبەستیش لەو کارە پاراستنی یەك دەنگیو یەکهەڵوێستی یەکێتی زانایانە، چونکە ئێمە نامانەوێت یەکێتی زانایان سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات، چونکە ئەگەر چەندین هەڵوێستی جیاواز دروست بوون لەوانەیە یەکریزی پارێزراو نەبێت.

هەروەها گوتی: ئەگینا ئێمە لەیەکەم ڕۆژەوە موحاسەبەی هیچ ئەندامێکی خۆمان نەکردووە، کە بۆچی بەشداری هەڵبژاردن دەکەی، یان پشتیوانی لەدەسەڵات دەکەی، ئەندامەکانی خۆمان سەرپشك کردوون، بەڵام دەبێ بەناوی شەخسی خۆیان بێت، بەناوی شەخسی خۆیانەوە کەیفی خۆیانە لێدوان بۆ ئۆپۆزسیۆن یان دەسەڵات یان هەر لایەك دەدەن، بەڵام بەناوی خۆیان بێت نەك یەکێتی زانایان، چونکە ناکرێت ببێتە فەوزا هەر یەکەو لەلایەك قسە بکات، ئێمەش بە جددی کار بۆ پاراستنی یەکریزی زانایانی ئایینی بەگشتیو ئەندامەکانمان بەتایبەتی دەکەین.

# بۆ ڕێگیریکردن لە توندوتیژی لقی پشدەری یەکێتی زانایان داوادەکات یادی بۆمبابارنی قەڵادزێ نەکرێتەوە

لەبەر کەشی ناڵەباری بارودۆخی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش سلێمانیو قەزاو ناحیەکانی، لقی پشدەری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف داوا دەکەن ئەمساڵ لە (٤/٢٤) یادی بۆمبابارانی قەڵادزێ نەکرێتەوە.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی خانەقا بەرپرسی لقی پشدەری یەکێتی زانایان بۆ سایتی زانایان گوتی: هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا لەشاری قەڵادزێ یادی ئەم کارەساتە گەورەیە دەکرێتەوە، ئەوەش بەمەبەستی بەزیندووهێشتنەوەی ئەم ڕۆژە ناخۆشە تا هەمیشە ببێتە هۆکارێکی گرنگ بەهێزکردنی گیانی برایەتیو نیشتیمانپەروەری لە هزری گەنجو لاوەکانمان، هۆکارێکیش بێت بۆ یەکریزیو تەبایی، بەڵام دیارە ئەمساڵ ئەم یادە دەکەوێتە ناو ئەو بارودۆخو ڕەوشەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، کە دەترسین کەسانێك لەژێر هەر ناوو لایێکەوە بێت ئەم یادە بکەنە دەرفەت بۆ نانەوەی توندوتیژی لەشارەکەمان.

مامۆستای خانەقا گوتی: بۆ ئەم مەبەستە ئێمە وەك لقی پشدەری یەکێتی زانایان بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف لەمزگەوتی گەورەی قەڵادزێ، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ سەرجەم حزبەکانی سنوورەکەمان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست، شیوعی)و ژمارەیەك مامۆستای ئایینیو پیاوماقوڵانی سنوورەکە کرد، وێڕای پێشکەشکردنی چەند وتەیەك، کە منو ئەوقافو وتارخوێنی مزگەوتی گەورە خوێندمانەوە، تێیدا مەترسی ئەو قۆناغەمان خستەڕوو، بۆیە داوامان لە هەموو لایەك کرد، بۆ ڕێگیریکردن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، ئەمساڵ ئەم یادە نەکرێتەوە، ئەوانیش ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی خانەقا سوپاسی هەموو حزبو لایەنەکانی کرد، بەتایبەتی ئەوانەی لەسنووری پشدەرن، کە بەهەستکردن بەمەسئولیەتەوە، مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە کرد، ئەوەش نیشانەی دڵسۆزیو خۆشەویستیانە بۆ دەڤەرەکە.